The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com




## لەبەرامبەر داکۆکیکردن لە جەلادی ئەنفال (سوڵتان هاشم)
## ناوەندی چاک  سکالا لەسەر سەرۆک کۆماری عێراق و جێگرەکەی تۆمار دەکات

بەهۆی بەرژەوەندییە سیاسیەکانی ئێراق و لاوازی نوێنەرانی کورد لەبەغدا، دادگا بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی کە بەرامبەر بە گەلی کورد کراوەن کرایە ئێراقی، قانونی دادگاکە لەبەرژەوەندی زۆرینەی عەرەب و پرۆژە سیاسیەکەی ئێراق دارِشترا. ئەو دادگایە لە زۆر لایەنەوە بێلایەن نییە و  لە کەشوبارێکی وەکو ئەوەی لە ئێراقدا هەیە، هەروەها باکگراوندە سیاسیە نادیموکراسیەکەی ئێراق هەمووی ئاماژە بە ستەمی پرۆسەیەکی بێلایەن و دەست پاک دەکەن. تاقیکردنەوەکانی دادگاکە بە ڕوونی ئاماژە بەو گرفتانە دەکەن و سکەندالەکانی دەستێوەردانی دەسەلاتدارانی ئێراقی لە دادگاکەدا بەردەوامن. پێشخستنی دۆسیەی بچوکی دوجەیل، زوو لە ناوبردنی سەدام حوسێن، دادوەری لایەنگیر و زاڵکردنی تێرمی لایەنی عەرەبی و ئەمەریکی بەسەر دادگاکەدا، هەمووی بەڵگەی لاریی دادگا و پێشێلکارین، بەداخەوە لەسەر حیسابی گەلی قوربانی کورد. ئەمانە هەمووی ناهەقیی قانونی و سیاسین دەرهەق بەخەلکی کوردستان بە گشتی و  بنەماڵەی قوربانیان بەتایبەتی ئەنجام دراون و ئەنجام دەدرێن.

لەسەر تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال کە خرایە دوای تاوانی بچوکی دوجەیل، حەوت کەس لە سەرانی رژێم درانە دادگا، بە پێی قانونی دادگا کە لەبەرژەوەدنی قوربانیانی کوردا نییە، بەهۆی مەبەستی سیاسی هەوادارانی ئێراقی نوێ، تاوانباری سەرەکی ژینۆسایدی ئەنفال سەدام حوسێن لەناوبردرا، بەرلەوەی لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە سزا بدرێت و وەکو تاوانباری ژینۆساید قانونیانە بناسرێت. بریاری کۆتایی دادگا لاری تێکەوت، تاهیر تۆفیق عانی ئازاد کرا، فەرحان موتلەگ ساڵح جبوری و سابیر حوسێن عەزیز دوری سزای زیندانی هەمیشەییان بۆ برِایەوە. بەپێی زانیارەکان لاری لەو برِیارەدا هەبووە و دەستێوەردانی دەرەکی لەمبارەیەوە هەبووە. هەرسێ تاوانباری دیکە عەلی کیمیاوی، سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید محەمەد سزای لەسێدارەدانیان بۆ برِایەوە. دوای پێداچوونەوە و پەسندکردنی برِیارەکە، برِیاربوو سزاکە بەر لە 04.10.2007 جێبەجێ بکرێت. بەلام جێبەجێکردنەکە بەهۆی دەستێوەردانی لایەنە سیاسیەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئێراق تائێستا ڕاگیراوە. بەرژەوەندیی و ئالوگۆرە سیاسیەکان وادیارە دەخوازن دەستکاری ئەم برِیارەی دادگاکە بکەن، لەمبارەیەوە هەوڵی ڕزگارکردنی تاوانبار **سوڵتان هاشم** بەگەرمی لە ئارادایە، جگە لە ئەمەریکاییەکان، سەرۆک کۆماری ئێراق جەلال تاڵەبانی و جێگرەکەی تاریق هاشمی هەوڵی زۆر دەدەن و دەیانەوێ دەستکاری برِیارەکەی دادگا بکرێت.

**دەسەلاتی هەرێمی کوردستان (سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، پارلەمانی کوردستان، پارلەمانتارانی کورد لە پارلەمانی ئێراق، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال) لەم ڕووداوە بێدەنگ و بێهەڵوێستن. ئەوەش جێگای نیگەرانی و ڕەخنەی زۆرە، هیوادارین هەست بەرپرسیاری مێژووی خۆیان لەمبارەیەوە بکەن و چیتر کەمتەرخەمی نەکەن، بێدەنگی ئەوان ڕەزامەندی سەرگرتنی پلانی ئازادکردنی یا دەستکاری کردنی سزای تاوانبارانە.**
**هەر لەمبارەیەوە پرۆتستۆی هەڵوێست و دەستێوەردانەکانی ئەمەریکاییەکان بەتووندی دەکەین، ئەمەریکا کە لەسەر گیانی تاکە مرۆڤێکی خۆی ئامادەیە جیهان بهەژێنێ، ئێستا چۆن بەخۆی ڕەوا دەبینێت، تاوانبارانی ژینۆساید بکوژانی 182.000 کەس ئازاد بکات.**
**پرۆژەی سیاسی ئاشتەوایی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە نابێت لەدور و نزیک کاریگەری لەسەر دادگاییکردنەکان و لایەنە قانونیەکان کە پەیوەندیان بە گەلی کوردەوە هەیە، هەبێت.**
**بەرێز جەلال تاڵەبانی کە نوێنەری کوردە و بەدەنگی خەڵکی کوردستان ئەو پۆستەی لە ئێراقدا وەرگرتووە، ئێستا لەسەنگەری داکۆکی لە تاوانبار سوڵتان هاشم دایە و هەوڵی ڕزگارکردنی دەدات. سوڵتان هاشم سەرپەرشتی زۆربەی هێرشەکانی ئەنفالی بۆسەر خەڵکی کوردستان کردووە و لەژێر سەرپەرشتی ئەودا دەیانهەزار کەسی بێتاوانی کورد لەنێوبردران. ناوبراو لەسەر ئەو کارەی مەدالیای ئازایەتی لە لایەن سەدام حوسێنەوە پێدراوە.**

**بەر لە دروستکردنی دادگاکەی ئێراق، ناوەندی چاک پشتگیری دامەزراندنی دادگایەکی نێونەتەوەیی و بێلاین و پرۆفشنالی بۆ دادگاییکردنی تاوانباران کرد و دەیکات. سکەندالەکانی پرۆسەی دادگاییەکانی دادگای ئێراقی و ئێراقیبوونی دادگا دروستی هەڵوێستی چاک دەسەڵمێنن، کە دەبووایە ئە دادگایە بەهەموو شێوەیەک لە ئێراق و دەستی سیاسییە ئێراقیەکان دوور بێت. دیارە هەوڵی بەرێز جەلال تاڵەبانی لەبەر بوونی سزای لەسێدارەدان نییە، ئەو لە هەڵواسینی سەدام حسێن، بارزان تکریتی و عەواد بەندەر و تەها یاسین دا، بێدەنگ بوو. پاشان بەرێز تاڵەبانی خۆی ئیمزای قانونی دادگاکەی کردووە، کە پەسندی سزای هەڵواسین دەکات. بۆیە هەر بیانوویەک لەمبارەیەوە لەخشتبردنی هاولاتیانە و داپۆشینی دەستێوەردان و دەستکاریەکەیە. هەڵوێستی چاک لەبەر ئەو دەستێوەردانە ناڕەوایەیە کە سەبارەت بە بڕیاری دادگا، کە ئەوان دوور لە ویستی قوربانیان خۆیان بنچینەی قانونەکەیان دارشت، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هەوڵی گونجاندنی لەگەڵ نزمی پرۆسەی سیاسی ناو ئێراق بۆ دەدەن.**

**دوای گفتۆگۆ کردنمان لەکۆبوونەوەی گشتی ناوەندی چاک و پرسکردن بەکۆمەلێک قانونناسی کورد گەیشتینە ئەو بڕیارانە:**

1. **بە فەرمی لەدادگای یەکێتی فیدرالی ئێراق سکالا دژ بە سەرۆک کۆماری ئێراق (جەلال تالەبانی) و جێگرەکەی (تاریق هاشمی) تۆمار بکەین لەبەر پێشێلکردنی دەستور و قانونی ئێراق.**
2. **لە دەرەوەی کوردستان ڕێگە قانونیەکان دژ بە هەر بەرپرسێکی کورد کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەوروپی بێت و داکۆکی لە تاوانبارانی کۆمەلکوژی کورد بکات دەگرینە بەر.**
3. **خۆپیشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەکانی ئێراقی و ئەمەریکایی دەکەین و نارەزایی دەردەبڕین.**

**لە کۆتاییدا داواکارین خەڵکی کوردستان بەگشتی و کەسوکاری قوربانیان بەتایبەتی چیتر لەو پێشێلکاری و سوکایەتیانە بە گەلی کورد و قوربانیان بێدەنگ نەبن و هەر کارێک کە دەبێتەهۆی پێشێلکردنی مافی قوربانیان پرۆتستۆی سڤیلیانەی بکەن.**


**ناوەندی چاک**
12.11.2007

www.chak.be
chak_org@yahoo.com